# پووچی وریسوایی "هەلبژاردن" پیشلە فەرزی دەنگەکان ئاشکرابوو!

**محمد غفور**

10فیبروەری2005

**سیناریۆیەکی گالتەجار کەناویان لینابوو هەلبژاردن بەشیوەیەکی سەرسورهینەری وا پووچی وریسواییەکەی دیار وئاشکرایە، کەنەك هەر ناوەندە بۆرژواییەکانی جیهان،تەنانەت ئەوانەش کەسازیانکردبوو،یانی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی بەقەد پووشیك بۆیان گرنگ ومەسەلەنییە ئاکامەکانی چۆنە وچییە،وکام لایەن وتایەفە دەیبەنەوە یادەیدۆرینن!کەمترین قسەرباس لەوەدەکریت کەفەرزی دەنگەکان بکریٚ وحەساسیەتیك لەمبارەوە بەرچاوناکەویت.هەموو خەلکی دنیا دەزانن شیعەی سیاسی وناسیونالیستە کوردەکان دەیبەنەوە.هیشتا دەنگەکان فەرزنەکراون،ئەوان پۆستەکان دیاری دەکەن.،وتەنانەت لەحوجرەکەی سیستانییەوە راگەیەنراوە کەئایینی ئیسلام سەرچاوەی دەستوور وتەشریعە لەعیراقدا،وباسی جیایی دین لەدەولەت کفریکی گەورەیە وقبوولی ناکەن. بەبروای من ئەمە نەهەلەی سیاسییە ونەفەلتەیە.ئەمە ئەو راستییە حاشاهەلنەگرەیە کەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری هەر زوو بەخەلکی عیراق وکوردستان ورای گشتی جیهانی راگەیاندو،ووتی ئەمە گالتەجاریکە وهەرلەئیستاوە ئاکامەکانی ئاشکرا وروونە، وبەشداری خەلك تیایدا زەرەیەك لەم ناوەرۆکە پووچە ناگۆریت، وهەموو شتیك براوەتەوە. تەنها پەنجەمۆری خەلکیان پیویست بوو هەتالە تەلەفزیۆنەکانیانەوە نیشانی بدەن"ئەها دیموکراسی لەعیراق!". لایەنەکانی پشتی سیناریۆی هەلبژاردن بەتایبەت ئەمریکا بەهەر نرخیك بووایە دەبوو ئەم سیناریۆیە ئەنجامبدەن.چونکە دوای نزیك بەدوو سالٚ وجودی هیزەکانی لەعیراقدا لەژیرناوی سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی وبنبرکردنی تیرۆریزمدا،وەزعەکە هەتادیت ئالۆزتر وقوولتردەبیتەوە، وبەکردەوە عیراق بۆ ئەمریکا گۆراوە بەزەلکاویك کەدەرچوونی تیایدا زەحمەت بووە،بەهۆی بەهیزبوونی ئیسلامی سیاسی وشیعەی سەربە جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە.بەمشیوەیە ئیران بۆتە تەرەفیکی جددی سیاسەتی عیراق .ئەمریکا بەسازکردنی ئەم سیناریۆیە سازشیکی گەورەی کرد لەبەردەم ئیراندا،چونکە هەلبژاردن شەرعییەتیدا بەدەسەلاٚتی ئیسلامی شیعە لەخوارووی عیراقدا.لەهەمان کاتیشدا جمهوری ئیسلامی ئیران لەبەرامبەر بزووتنەوەی سەرنگوونکردنیدا لەلایەن خەلکی ئیرانەوە ئەتوانیٚ ئەم مەوقعییەتەی بەکاربهینیٚ بۆ دریژەدان بەعومری نەگریسی خۆی.**

**لەلایەکی ترەوە هەموو ئەو هیز ولایەنانەی بەشداربوون لەم گالتەجارەدا،لەسەر ئەوە کۆکن کەئیسلامی سوننەی سیاسی کەموقاتەعەی هەلبژاردنیان کردبوو،شەریك بکەن لەدەسەلاٚتدا.کەوایە ئەم سیناریۆیە بۆچی بوو؟!ئوسولەن لەدنیادا ئەو تەرەفانەی لەهەلبژاردندا دەردەچن ئەوان حکومەت پیکدینن.بەلاٚم واقعییەت ئەوەیە کەباش دەزانن بەتەنها ئیسلامی بنلادنی وپاشماوەکانی بەعس دەتوانن ئاکامەکانی ئەم سیناریۆیە ببەن بەحەوادا.ئاخر ئەمریکا ولایەن وتایەفەکانی بەشدار پیناسەی عیراقیان بەسوننەوە کردووە،وحکومەتیك کەبەهیوان بیهیننەسەرکار کۆکتیلیکە لەئیسلامی شیعە بەهەموو نەوعەکانییەوە،لەگەلٚ ئیسلامی سوننە**

بەهەموو بەشەکانییەوە زائد کورد وتورکمان وعەشیرە وقەبیلەکان.هەلبژاردن بریاربوو پەنجەمۆر وشەرعیەت بۆ حکومەتیکی کۆکتیلی لەم جۆرە بدات بەدەستەوە.هەر کام لەم سێ تەرەفە بەتەنها دەتوانێ ئەم سیناریۆیە ودەولەتی ئایندەی تووشی گرفتی جددی وتەنانەت شکست بکات.مەسەلە نەهەلبژاردنە ونەهیچ شتیکی لەم بابەتە.سیناریۆی هەلبژاردن شانۆییەك بوو بۆ تەقسیمی دەسەلات وکورسییەکان لەنیوان ئەوانەدا.هەربۆیە هەموو لایەنەکان بەئەمریکاشەوە تەنەزول بۆ ئیسلامی سوننە دەکەن وتەشەبوسی پێ دەکەن کەبەشداری بکات وەك دەلین لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا،ودەشیانەوێ ئەمە وەکو روکنیکی دیموکراسی دەرخواردی خەلکی بدەن.

بەلام لەبەرامبەر ئەم مەترسیانەی خیزانی بۆرژوازیدا،مەترسییەکی زۆر عەزیمتر سیبەری خستۆتە سەر ئەمریکا وئەم تایەفە قەومی ودینیانەی عیراق.ئەویش مەترسی خەلکە.هیشتا ئاکامی دەنگدان رانەگەیەنراوە پووچی وریسوایی هەلبژاردن ولایەنەکانی پشتی هەلبژاردن وحکومەتی کۆکتیلیش هاوار دەکات.خەلکی عیراق ئەوانەی بەهەر هۆیەکەوە بەشداریانکرد لەم سیناریۆیەدا، سەرباری هات وهاوار وگفت وبەلینی حیزبەکان،بەو ئومیدە فریویان خوارد کەهەلبژاردن گۆرانیك لەوەزعەکەدا بکات.لانی کەمی ئاسایش وژیانی مەدەنی بگیریتەوە بۆ کۆمەلگا!!بەلام هەر ئیستا روون بۆتەوە کەهەلبژاردن بارودۆخەکەی ئالۆزتر وقوولترکردۆتەوە.کەلەبەریکی گەورە کەزیاد لەپەنجا سالە لەعیراقدا پەیدابووە لەنیوان خەلکی کوردزبان وعەرەبزباندا بەهۆی سیاسەتی فاشیستی حکومەتە مەرکەزییەکانەوە لەبەرامبەر خەلکی کوردستاندا،ودوای 80سال لەبەزۆرلکاندنی کوردستان بەعیراقەوە،پاش رووخانی رژیمی بەعس دەرفەتیکی لەبار هاتەئاراوە بۆ چارەسەری عادلانەی کیشەی کورد،کەچی حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان خەریکن بەتەواوی لەباری دەبەن ودەیکەنە قوربانی یەکپارچەیی عیراق وخەلکیان پەلکیشکرد بۆناو هەلبژاردن،وبەم شیوەیە ئەم قەلشتە گەورەیەیان وەکو خۆی هیشتەوە وریگایان گرت تالەریفراندۆمیکدا لەکوردستان خەلك خۆیان بریار لەسەر چارەسەربوونی بدەن.نەك هەر ئەمەش بەلکو هەلبژاردن قەلشتیکی تریشی خستە ناو کۆمەلگای عیراقەوە، ئەویش سازکردنی دوو ناوچەیە لەژیرناوی شیعە وسوننە لەخواروو وەناوەراستی عیراقدا. بائەوەش بوەستێ کەسیناریۆی هەلبژاردن عیراقی بردۆتە سەر لیواری جەنگیکی خویناوی ناوخۆی واوە کەهیچ زەمانەتیك نییە بۆ بەرگرتن بەتەقینەوەی،کەلایەنەکان خۆشیان ناتوانن بیشارنەوە وبەراشکاوی دانی پیادەنین،ودەیکەنە بەلگەیەکیش بۆ مانەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق.لەلایەکی تریشەوە جمهوری ئیسلامی ئیران بەتووندی قاچی لەعیراق قایمکردووە وتورکیاش بەهۆی خیلاف لەگەل ناسیونالیزمی کوردی وبرەودان بەنەتەوەپەرستی تورکی پشتگیری ماددی ومەعنەوی حیزبە توکمانەکانی کوردستان دەکات وئەیەوێ ببیتە تەرەفیك لەکەرکوکدا.سوریاش بەخشکەیی داویەتیە پال ئیسلامی سوننەی بنلادنی وهیزەکانی پاشماوەی رژیمی بەعس ومامەلەیان پیوە دەکات.

بەڵام مەترسی خەلك بەتەنها قابیلی ئیحتواکردنە لەلایەن ئەم هیزە رەشانەوە.حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەدوو پرۆژەی سیاسی جەماوەری گرنگەوە لەمەیدانی عیراقدا ئاڵای ئازادی ورزگاری لەم وەزع وسیناریۆ رەشەی بەرزکردۆتەوە. پرۆژەی ریکخراویکی سیاسی جەماوەری لەئاستی عیراقدا بۆ ریکخستنی هیزەکانی خەلك وهیزە ئازادیخوازەکانی عیراق لەپیناوی گیرانەوەی شارستانییەت بۆ کۆمەلگا ودامەزراندنەوەی دەولەتی یاسا،بەمانای دەولەتی عیلمانی نەقەومی نەدینی کەزەمانەتی ئازادی ومافی یەکسانی تەواوی هاووڵاتیان بکات.دووەم پرۆژەی کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تالەریگای ریفراندۆمیکی گشتی وئازادەوە لەکوردستاندا خەلك بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان وکۆمەلگاکەیان بدەن.ئەمە تەنها هیزیکە کەراشکاوانە بایکۆتی هەلبژاردنی کردوو ریسوایکرد.وەلەهەمانکاتدا ئاڵای وەستانەوەی بەرووی هەردوو بەرەی تیرۆریستی جیهانیدا بەرزکردۆتەوە،تیرۆریزمی ئیسلامی وتیرۆریزمی ئەمریکا.کەهەردووکیان عیراقیان کردۆتە مەیدانی کیشمەکیشی کۆنەپەرستانەی نیوانیانەوە وخەلکیان بەم رۆژگارە رەشە گەیاندووە.خەلکی عیراق کەزۆر زوو پووچی وریسوایی هەلبژاردنیان بۆکەتەروو،دەرکەوت بۆیان کەئەمریکاو لایەنەکانی هاوپەیمانی زەرەیەك ژیان وچارەنووس ومافەکانی خەلکیان بەلاوە مەسەلە نییە،وئەوەی بەلینیان پیی دەدا تەنها بۆ فریدانیان بوو،ئیستا بەدیلی واقعی خۆیان هەیە.خەلك چیتر بیّ خاوەن نین.حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وریکخراوی سیاسی جەماوەری خۆیان هەیە.لەپیناوی دەرکیشانی عیراق لەم گیژاو وزەلکاوەی ئیستا،لەدەوری حیزب وریکخراوەکانی خۆتان یەکگرتوو وریکخراو بکەن.کۆتاییهینان بەکارەساتی ئیستا وبەرگرتن بەتەقینەوەی ململانیی لایەنە بۆرژواییەکان وبەرپابوونی جەنگی ناوخۆ،وەدامەزراندنی دەولەتی عیلمانی وسکۆلار، لەگرەوی بەهیزکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدایە.ملیۆنەها ئینسانی ئازادیخوازی دنیاش کەدژی جەنگی ئەمریکا وەستانەوە،پشتیوانیمان لیدەکەن وحیزبی کۆمۆنیست زەمانەتی ئەوە دەکات کەریزی سەربەخۆ ویەکپارچەی خەلکی عیراق لەبەرامبەر ئەم دوو بەرە تیرۆریستییە جیهانییەدا بپاریزیت.